إن الأبرار
لفي نعيم
وإن الفجار
لفي جحيم
يصلونها
يوم الدين
وما هم
عنها بغائبين

ڕۆژان ڕۆژیان
لە دوایە
١

حبيب محمد سعيد

تیشکێ لە قورئانەوە

ڕۆژان ڕۆژیان لە دوایە

حبیب محمد سعید

چاپخانەی (ارشاد) ـ بغداد

١٤٠٥ك ـ ١٩٨٥ز

پێشکەش

پێشــکەش بێت بــە کۆمەڵــی ئیمانــدار لــە هــەموو ســەرزەویــدا .. ئــەوانــــەی کــــە بــەرامبــەر هێــزی خوانەنــاسیی ئەوەستن و بەو کەمژمارەیی و کــەمتفاقیــەی خۆیانــەوە خەریکی بڵاوکردنــەوەی بیروباوەڕی بێگەردی ئیسلامن ، بۆ ئــەوەی ئــادەمیزاد لــە جەور و ستەمی نەفامان و ستەمکاران رزگار بکــەن و ســەرفرازی رۆژی قیــامــەت بــن ..

پێشەکی

الحمد للـه رب العالمين والصـلاة والسلام على رسو الأمـين والـه وصحبه اجمعين ..

قوتـابيـە ئازیزەکانی قورئـانی پیرۆز .. کۆمـەڵـ ئیمانداری خواناس ، هەر کاتێ دەستیان دایـە قورئانی پیرۆ و بـە نیازی لێکۆڵینەوە و بـە گوێکردنی لـە خزمەتـ ک بوونـەوە ، خێرا پێری دڵرەش و ئارەزوو پەرست گڕیـا تـێ بـەر ئـەبێ .. شـەیتان ئەچێتە بن کڵێشـیان و تێـا ئـەگەیەنێ کـەوا پـەرەسەندنی کۆمەڵـی خوانـاس بریتیە لـە رمـانی قەڵای ستەمکاریی و خراپکاریان و تیـاچوونی بـەرژەوەندیە نـارەواکانیان ..

کۆمـەڵـی بێویژدان کـە هەست بـە رۆشنایی رێبازی قورئـان ئـەکـەن و بـەراوردی ئـەکـەن لـەگـەڵ بەرژەوەندیەکانیانـا ، کـە تەنها لـە تاریکە شەودا پارێزرا

ئـەبن ، بیر ئەکەنەوە پێویستە بـە هـەموو شێوەیەك دژی هەڵـگرانی قورئـان بووەستن •• پێویستە بیانترسێنن •• ئـازاری لاشـەیی و دەروونیان بـدەن •• ئاڵتـە و سزای سەخت بخەنە کـار بۆ دڵ ساردکردنـەوەیان •• یـەك لـە دوای یەك هەموو هەنـگاوێك بگرـە بەر بۆ پـەشـیمان کردنـەوەیان و ئـەفر و توونـا کردنیان ••

کۆمـەڵی موسـڵمانی کەمهێز و کـەمدەسەڵات ئـەبێ لـە بـەر دەم ئەم هەموو نـاپـاکیی و بەدکارییەدا هەڵوێستی چۆن بێ ؟!

ئـەبێ چۆن نەخشـە بکێشـێ تـا رۆژانی رەش و پڕ ستەم و نـارەوایی بـە سـەر بـەرێ ؟! لـە کاتێکا ئەوەندە ستەم و ئـازاری خوانـەنـاسـە بێوێژدانـەکـان بە تینـە کـە هیوای سـەرفـرازیی بە هیچ شێوەیـەك تروسـکەی دیـار نیـە ؟!

کۆمـەڵی موسڵمان کـاتێ لـە دەوری قورئـان کـۆ ئەبێتەوە ، چاك لای روونـە بە هیوای هیچ بەرژەوەندیەکی

جیهانی‌نیە • خۆوا ستەم و ئازاری بێ وچانی کافرانیش شەوە زەنگی هێناوە بە سەریا •• بە هەر بارێکا سەیرکا هەر ستەم و ناڕەوایی ، فیز و دەماری نەفامان ، ئازار و سزای بیر لێ ئەکراوە دێتە بەرچاوی •• لە ترسی ئەم بەدکاریی و تاوانکاریانە ، ئادەمیەکان دەستە پاچە لە دوورەوە وەستاون •• ئەگەر نزیك ئەبنەوە ئەوانیش ئەسووتێن ، دووریش ئەکەونەوە زیانی تاڵ و ئاڵۆزی چەندەها ساڵە گیری داون •• ناچارن چاوەڕێ بکەن ••

کۆمەڵی موسڵمان لە بەر دەم ستەمکارانا و لە بەر دەم ئادەمیەکانی ترا بەڵێنێکی داوە •• بڕیاری داوە هەڵگری چرای سەرفرازیی بێ •• بچۆتە مەیدانەوە و بانگی ئادەمیەکان ئەکات بۆ شوێنکەوتنی ڕێگای سەرفرازیی •• وا خراپکارانیش بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵی تواندنەوەی ئەدەن ••

لەم کاتە ناسکەدا کۆمەڵی موسڵمان سەیری ستەمی ستەمکاران و دەستە پاچەیی ئادەمیەکانی تر

ئەکات ، خەریکە دڵی لەرزەی پێ کەوێ و بەرکە
ئەگرێ .. لەولاوە سەیری بەڵێنەکەی ئەکا کە بە
ناوی ئاینی خواوە داویەتی ، کە رایگەیاندووە
شوێنکەوتەی راستیە و مەبەستی پەخشان کردنی چاکەیە
لە سەر زەویدا ، شەرم ئەیگرێ ..
بەڵام خوای خاوەن بەزەیی کە لە دڵسۆزیی و
راستگۆیی کۆمەڵی خۆنەویست ئاگادارە ، دەستی یارمەتیی
بۆ درێژ ئەکات .. دەرمانی ئەم هەڵویستە نالەبارەی
پێشکەش ئەکات ، تا لەرزەی پێ نەکەوێ و لە ناو
گێژاوی پڕمەترسیدا نەخنکێ .. هیدایەتی ئەدا تا ناوڕێ
بداتەوە بە لای قورئانەوە .. کۆمەڵە ئایەتێك ئەنێرێتە
خوارەوە تا دەرمانی دەردی هەموو کۆمەڵێکی موسڵمان بێت
لە هەموو کات و شوێنێکا ..
ئەم کۆمەڵە ئایەتەی کە واین لە خزمەتیانا
فێتك کەرەوەی دڵی هەموو کۆمەڵێکی ئیماندارن ، لە
کاتێکا کە لە دەوری قورئان کۆ ئەبێتەوە و بەرژەوەندیی
پەرستە بەدکارەکانیش دژی ئەوەستن ..

کۆمەڵی خۆنەویست پێویستە ئاگادار بێ خوانەناساز لێی رازیی نابن تا لە ئیسلام پاشگەز نەبێتەوە .. تا نەبێت بە نۆکەری ئەڵقەلەگوێیان .. تا شەرەف و رێزی خۆی نەخاتە ژێر پێیانەوە .. دیارە مردن زۆر ئاسانتر و پیرۆزترە لەمانە .

بەڵام هەر چۆن بێ خوای خاوەن بەزەیی ئێمەی لاواز و بێ دەسەڵات زۆر چاك ئەناسێ ، بۆیە سەرەنجامی زۆرانبازیمان پیشان ئەدا تا دڵمان لە خشتە نەبرێ و دەستمان سارد نەبێتەوە ..

هیوا دارم خوای گەورە کۆمەکیمان بکا تا مان و مردن بخەینە ئەولاوە و بە بێ دوودڵیی باوەش کەین بە قورئانا و بێ پەروا و بە دەنگی بەرز و مەردانەوە پێشکەشی ئادەمیە دەستەپاچەکانی بکەین .

نووسەر
سیروان .. شوباطی / ١٩٨١ ز
رەبیعی دووەمی / ١٤٠١ ك

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

إِنَّ الَّذِينَ أَجْرَمُوا كَانُوا مِنَ الَّذِينَ ءَامَنُوا يَضْحَكُونَ
﴿٢٩﴾ وَإِذَا مَرُّوا بِهِمْ يَتَغَامَزُونَ ﴿٣٠﴾ وَإِذَا انقَلَبُوا إِلَىٰ أَهْلِهِمُ
انقَلَبُوا فَكِهِينَ ﴿٣١﴾ وَإِذَا رَأَوْهُمْ قَالُوا إِنَّ هَٰؤُلَاءِ
لَضَالُّونَ ﴿٣٢﴾ وَمَا أُرْسِلُوا عَلَيْهِمْ حَافِظِينَ ﴿٣٣﴾ فَالْيَوْمَ
الَّذِينَ ءَامَنُوا مِنَ الْكُفَّارِ يَضْحَكُونَ ﴿٣٤﴾ عَلَى الْأَرَائِكِ
يَنظُرُونَ ﴿٣٥﴾ هَلْ ثُوِّبَ الْكُفَّارُ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ ﴿٣٦﴾

صدق الله العظيم — له سورەتی «المطففین»

ئـەم هەشت ئـایەتەی سورەتی «المطففین»، کە وایـن
لـە خزمەتیانا، دوایین بەشی سوورەتەکەیە، کە لە قورئانی
مەککییە و لـە کاتێکا هاتوونەتە خوارەوە کەوا کۆمەڵـی

موسڵمانی کەمدەسەڵاتی مەککە ، لە ژێر ئازار و سـزا و توانج و تەشەر و گاڵتـەی قورەیشـدا ئەتلایەوە .. ئـەم ئـایەتە پیرۆزانە ، و ئـایەتەکـان و سـوورەتەکـانی تـری مەککە ، ئـەهاتنە خوارەوە تـا دڵخۆشیی و دڵنیـکیی بن بۆ کۆمەڵـە موسڵمانەکەی مەککە و بۆ هەموو کۆمەڵێـکی تری موسڵمان ـ لـە هەموو کـات و شوێنێـکا ـ لە کاتێکا کـە بەو قۆنـاغەی مەککەدا تێ ئەپەڕێ ..

بەڵێ ، ئـەم قورئانە پیرۆزە نەخشەی بانـگ کردنـە بۆ لای خوا .. نەخشەیە بۆ کۆمەڵی موسڵمان ـ لـە هەموو سەرزەویدا ـ تـا بە پێی قۆناغـەکانی بانگەواز کەڵکی لـێ وەرگرێ و بیکـاتـە چارەسـەری تـا هـەنـگاو لـە دوای هەنـگاو رێـگای سەخت و پڕ درِك و داڵ و مەترسـی ـ بـە پشتیوانیی خوای گەورە ـ ببڕێت ..

بـا هەمیشـە لـە یادمـان بێ قورئـان بـۆ بانگکەرانی ئیسـلام هاتووە .. نەك بۆ خوێندنـەوە و لـە بەرکردنێـکی رووت کـە هەندێ گۆشەگیر پێی هەڵئەسن ..

ئـەم ئایـەتە پیرۆزانـە هەڵـوێستی کۆمەڵی دەسـت

ڕۆیشتووی شەیتان بەرامبەر بە کۆمەڵی کەم دەسەڵاتی قورئان دەر ئەخەن ، ئینجا لە بەرامبەریا سەرەنجامی کۆمەڵی خواناس و کۆمەڵی خوانەناس ، لە ڕۆژی قیامەتا ، ئەخەنە پێش چاو ..

کۆمەڵی شەیتان ، کە ڕەفتاری هەموو ئەندامێکی بریتییە لە سووکیی و بێ شەرمیی و بێ ئابڕوویی ، کە سەیری کۆمەڵی ئیماندار ئەکات ، وا کەم تفاق و بێ دەسەڵاتە وە سەیری خۆیشی ئەکا ، کە هەموو ناڕەوایەکی بە ئاسانیی لێ ئەوەشێتەوە و بە دەروونی نزمی ئەندامەکانی سەیری ورگی زلی بۆشی و فیز و دەمار و کەش و فشی بێ جێ و شوێنکەوتەی خەڵەتاو و سامان و تفاقی بە ناڕەوا کۆکردووی ئەکا زۆر بە نازایەتیی و جوامێریی ئەزانێ بە جیهانی سەلمێنێ کە ئەو توانای توانەوەی کۆمەڵی ئیمانداری هەیە ! وا ئەزانێ نرازووە نالەبارەکەی و لێکدانەوە ساویلکەکەی ئەو ، بەسە بۆ دیاریی کردنی سەرەنجامی زۆرانبازیی !

کۆمەڵی ئیماندار کارێکی نییە بە سەر کۆمەڵی

دڵرەشەوە ، ئەم ئەیەوێ بەندایەتیی بۆ پەروەردگاری دەرخا ، ئیتر بە هەر شێوەیەك بێت ..

کۆمەڵی ئیماندار ئامادەیە فەرمانەکانی پەروەردگار بیستێ و پیت بە پیت پەیرەویی بکا ..

بەڵام کۆمەڵی شەیتان ، هەر بە بوونی کۆمەڵی خوانناس ، هەست بە تیاچوونی خۆی ئەکا ، بۆیە هەموو وێنگایەکی دڕندانە ئەگرێتە بەر بۆ لە ناو بردنی .

کۆمەڵی خوێنمژ و ستەمکار خۆی چاك ئەزانێ بە رەنجی داماو و هەژارە بێ دەستەڵاتەکان ئەژی ، وە کاتێ ئەمان شوێنی ئیسلام ئەکەون ژیان و رابواردنی ئەو ئەکەوێتە مەترسییەوە ، چونکە ئیسلام بریتییە لە رزگارکردن بە هەموو واتایەکیەوە !

کۆمەڵی تاوانکار کە ئەبینێ ، قوتابخانەی قورئان موسڵمانی دڵسۆزی تیا کۆ ئەبنەوە ئەوەندەی بۆ ئەمێنێتەوە دەست بداتە دڵ شکاندن و هەست بریندار کردنی موسڵمانەکان ..

بەلام با سەرنجی ئایەتە پیرۆزەکان بگرین :

قورئانی پیرۆز وەها باسی رەفتاری سووك و بێ رەوشتیی کافران و سەرشۆڕیی دواڕۆژیان ئەکا کەوا موسڵمان بە تەواوی و بێ دوودڵیی سەرەنجامی بێتە بەر چاو • وای پیشان ئەدا ئەم جیهانە سەواو بووە و زۆرانبازیی ئەم جیهانە هەر ئەنجامێکی بوو بێ براوەتەوە و لە بیر چۆتەوە و رۆژی قیامەت هاتۆتە پێشەوە ••

وەهای باس ئەکا کە ئێستە قیامەتە و بێشەرمیی و بێ ویژدانیی خوانەناسە تاوانکارەکانی سەرزەویی ئەگێڕێتەوە کە دژی موسڵمانەکان ئەیانکرد :

« ان الذين اجرموا كانوا من الذين امنوا يضحكون » ••

تاوانکاران هەر ئەوەیان مابوو بە موسڵمانە ئیماندارەکان پێ بکەنن و گاڵتەیان پێ بکەن ••

ئەبێ بۆچ گاڵتە بە موسڵمانان بکەن ؟

خۆیان زۆر بە تەواو ئەزانن ؟

خۆیـان زۆر بـه زیر و پێشـکەوتوو ئـەزانن ؟
خۆیـان بـه خـاوەنی ڕێز و پـایە ئـەزانن ؟

یـان شانـازیی ئـەکـەن بـه کۆمـەڵـه یەکسـان و یەکگرتووه ڕێـك و پێـکەکەیانەوه ؟!

بێبـاوەڕان بـێ شـەرمن •• سـەرنجی کۆمـەڵـه گەنیوەکەیان نـاگـرن که نـه ئـارامیی و نـه ئـاسـایش و نـه ڕەوشت و نـه ویژدانی تیـا دەست نـاکەوێت •• زۆر بێ شـەرمن •• لـه جیاتی ئـەوەی ئـاوڕێ بـدەنـەوه بـه لای ئـابڕووی تـکـاویـانـەوه ـ که هەموو بێئابڕوویەك دەورەی داون ـ بـه موسڵمانـه ئیمانداره بێدەستەڵاتـەکان پێ ئـەکەنن ••

موسڵمانەکـان بێتـاوانن •• تەنها ئـەوەیه لـەوانەیه هەژار بن ، یـا بێدەسەڵات بن و نـەتوانن خۆیان لـه ستەم و دەست درێژیی پارێزن وه یـا لـه بـەر ڕێز و ئـابڕووی خۆیان ، خۆیان نەکەنه هاوشانی نەفـامـان ••

موسـڵمانـان پێویسـته بێبـاك بـن •• سـتەم و

دەست درێژی کافران هیچی تیا بەسە نییە ، چونکە ئەمان هەڵگری بیروباوەڕێکی وەها بەرز و پیرۆزن بە دژایەتیی کافران هیچ زیانێکیان پێ ناگات ..

گاڵتە و پێکەنینی نەفامی بێ شوورەیی بە موسڵمانی رەوشت بەرز ، زۆر ستەمە ! بەڵام موسڵمان شوێنکەوتەی نەخشەی پەروەردگارە .. پەروەردگاری مەزن فەرمانی بە سەرا داوە ئارام بگرێ .. هیچ بەرهەڵستیی و بەرگرییەك ناگاتە ئارام و دەروون بەرزیی ..

« واذا مروا بهم يتغامزون » .

رەفتارێکی تری ناشیرینی خوانەناسان ئەمەیە کاتێ موسڵمانێ بە لایانا تێپەڕیایە ، هەوڵیان ئەدا بە چاوداگرتن و ئیشارەتی جۆر بە جۆر بیشکێنن ، بۆ ئەوەی لە بەر چاوی خەڵقیان بخەن و مەردمیان لێ دوور خەنەوە ـ کە ئەمەیش چەکی کەسانێکە کە هەست بە رووخاویی و بێ نرخیی خۆیان دەکەن ـ وە تا هەست بە کەمیی خۆی و لاوازیی رێبازەکەی بکات و

شـەرم بیگرێ •• دیـارە ئـەمەش لـە مرۆڤی بێ نرخ نەبێ لـە کەسی تر نـاوەشێتەوە ••

« واذا انقلبوا الى اهلهم انقلبوا فكهين » ••

ئینجـــا دوای ئـەوەی بـــە ئـارەزووی دەروونـــە لارەکەیـان بـە موسڵمانەکـان پێ ئـەکەنین و گـاڵتـەیـان ئـەکرد ، بـە فیز و دەمـارێکەوە ، بەویـەڕی خۆپەسەندیی و لـە خۆ رازیی بوونەوە و بـە روویەکی هەمە جۆر و لـە خۆ بـایی بوونەوە ئەگەڕانەوە نـاو ماڵ و منداڵ و کەس و کـاریـان •• گوایـە سەرکەوتیان بـە دەست هێنـاوە ، بێ ئـەوەی هەست بـە تـاوانـەکەیان بکەن و لۆمـە و گلەییەك لـە خۆیـان بکەن ••

ئەمەیە هەست و هۆشی مردوو •• کۆمەڵی نـەفـامیی هـەر ئەندامێـکی بدوێنە خۆی بـە زانـایەکی چاکویسـت ئـەداتـە قەڵـەم •• کـەچی بـۆ هـەموو دز و جـەردە و خراپویسـتێك بـاوەشی خۆشـەویستیی ئەکـاتەوە و بـەم شـێوە نـالـەبارەش دژی تـاقـە کۆمەڵی پـاکی ئـادەمیزاد ئـەوەستێ •• بەم شێوەیە ئەبێتە درندە و بێ پـەروا ڕاوی

ئادەمیە دەست و دەم و دڵ و دەروون پاکەکان ئەکات ..

ئینجا بێشەرمیی و بێئابڕوویان لە سنوور دەر ئەچێ :

« واذا رأوهم قالوا : ان هؤلاء لضالون ! » .

وە کاتێ چاویان بە ئیمانداراکان بکەوتایە ئەیانوت : ئەمانە گومڕان !!

ئەمانە گومڕان !!

هەروەك خۆیان شوێنکەوتەی چاکترین ڕێباز و بەرزترین یاسا و پاکترین ڕەوشت و خوو بن .. خۆیان ڕێگای ڕاستەقینەیان دۆزیبێتەوە و موسڵمانەکان سەریان لێ شێوابێ و لە خۆشیی و کامەرانیی و سەربەرزیی و پایە و پلە بێ وێنەکەی ئەوان بێبەش بوو بن ..

زۆر سەیرە .. ستەمکاران ، بێئابڕووان ، دەستدرێژییکەران ، لەسنووردەرچووان ، بێویژدانان و بێنرخان گومڕایی و سەرلێشێوانی خۆیانیان لە بیر ئەچێتەوە و باسی هیدایەت و گومڕایی ئەکەن .. وە

بەوبەڕی متمانـە و بە خۆدا پەرمینەوە ئیماندارە خواناسەکان بـە گومڕایی و سەرلێشێوان و لـە ڕێی ڕاست دەرچـوون تاوانبار ئەکەن •

بـەڵێ ، ئەمە هەڵویستی تـاوانـکارانـە •• شـــەرم نـایـانـگرێ و تەریق نـابنەوە کاتێ بـە نـاڕەوا بڕیـاری نـەشـیاو و نـەگونجاو ئەدەن •• هیچ بـە شوورەیی نازانن دەسـتی چـەوریـان بســوون بـە سـەری بێتـاوانـانـا و پـاکـاندەی نـابـەجێیان بۆ بکەن • ئەمە سروشتی هـەموو تـاوانـکارێکە بـە درێژایی مێژوو • ئەمەیش ئەوبـەڕی نـاڕەوایی و لـە سنووردەرچوونـە ••

نەفـامـان کـاتێ پایەی قەڵای ستەم و جەوریان کەوتە لـەرزە ، ئـەویش بـە وریـا بوونـەوە و لـە راســتیی گەیشـتنی کۆمەڵیـکی ئیماندار ، ناچارن ـ وەك پەنـا ئەبەنە بـەر زۆر و ستەم ـ پەنـا بـەرنـە بـەر پـاکـاندە و وتـەی نـابـەجێ ، تـا کۆمەڵی راسـتیی ویسـت لـە بـەر چاوی ئـادەمیەکـان تـاوانبارکەن •• جـا لـە پێشـەوە لـە بـەر بێ ئـاگـایی خەڵـکیو دەرنەکەوتنی هەڵـوێستی کۆمەڵی

ئیماندار بە کردەوە لە بەر چاویانا ، بەوەڕ بە درۆ و فیشالی خوانەناسان ئەکرێت •• ئەمەش دیارە تەنک هەڵچنینێکە بە کۆمەڵی موسڵمان بەڵام تاکە چارەسەر بۆ بڕینی ئەم قۆناغە سەختە پشت بەستن بە خوا و دڵبەستن بە فەرمانەکانیەوە و ئارام و دان بە خۆدا گرتن و بەردەوامبوونە لە سەر ڕەوتی ڕاستەقینە بە پێی نەخشەی پەروەردگار ، بە بێ دوودڵی و ئاوڕدانەوە و خۆخلافاندن ••

ئەم هەڵویستە ناڕەوایەی خوانەناسان ، ئەوەندە بێ جێ و نەگونجاوە ، قورئانی پیرۆز بەوپەڕی گاڵتە پێکردنەوە باسیان ئەکا ، کەوا ئەوەندە ساویلکە و منالن، خۆیان هەڵ ئەقورتێنن لە کارێکدا کە بە هیچ شێوەیەك کاری سەرشانی ئەوان نیە •• ا ە ساویلکەیی و بێرەوشتی و نەزانکاریی خۆیانەوەیە وا ئەم هەڵوێستە ناشیرینە ئەگرنە بەر :

« وما ارسلوا عليهم حافظين »

کێ ناردوێتی بە دوایانا و دەسەدامێنیان بووە ؟

کێ ئەوانی بە چاودێر و سەرپەرشتیار وەرگرتووە ؟ کێ هەڵسەنگاندن و ناسینی موسڵمانەکانی بەوان سپاردووە ؟ کەی پێویستە ئەوانی نەفام و نەزان و هەرزە بەم کارە گەورەیە هەڵسن ؟ ئەوە کەی کاری سەرشانی ئەوانە ؟ ئەوانی گێل و چاوبەستراو کەی توانیویانە خۆیان بناسن وە یا خۆیان چاك بکەن تا بیانەوێ بەندە راستەقینەکانی خوا بناسن و راستیان بکەنەوە ؟

بە هەر شێوەیەك بوو زیانی سەرزەویی تەواو بوو ، سەرەنجامی زۆرانبازیی نێوان ئیسلام و کوفر ، لە قوناغی سەرزەویدا ، بڕایەوە و کۆمەڵی خوانەناسی بێویژدان ـ لە هەموو چەرخ و شوێنێکا ـ چەندێ دەستی رۆیشت درێغیی نەکرد ..

تا توانیان موسڵمانیان بەند کرد .. سەریان بڕین .. بە مشار دایان هێنان .. بە شانەی ئاسنین گوشت و ئێسقانیان جیا کردنەوە .. هەڵیانێ دانە ناو ئاگرەوە و داخیان کردن .. لە سێدارەیان دان .. بە هەموو شێوەیەکی تر شەهیدیان کردن .. تا توانیان لە ئازار و

سزا و ئەشکەنجە و گاڵتـە و قسەی نـا بـە جێ و پێـکەنین دریغیان نـەکرد •• کۆمەڵی موسڵمانیش دامەزراوتر لـە شـاخ بەوپەڕی ئـارام و خۆگرتنـەوە ، بە خوێنمـژان و ستەمکارانیـان سـەلماند ، هیچ هێـزێـکی خوانـەنـاس ـ هەرچەندە دەسەڵاتی زۆر بێ ـ ناتوانێ ئـەوان لە خشتە بەرێ و لەرزە بخاتە دڵیـانەوە •• پێیـان سـەلماندن ئـەو بیروباوەڕەی ئـەوان شوێنی کەوتوون ئەوەندە بە هێزە ، هێز نیـە بتوانێ لە بەردەم رووناکیی و هیدایەتیا خۆی بگرێ•• کەواتە زۆرێ بـە سـەر سەربازانی شـەیتان وا خۆیان ماندوو ئەکەن •• پێیان سەلماندن کـە ئەگەر ستەمکاران دەستیان بڕوا بـە سەر لاشە و خوێن و گۆشتا ، بـە هیچ شـێوەیەك دەستیان نـاڕوا بـە سەر دڵـە هۆشیارە پڕ لە ئیمانەکانیانداه•

بەڵێ ، هـەر چۆن بوو زیـانی سـەرزەویی کۆتـایی هات و هەموو کۆمەڵە نەفـامیەکـان بـە کـاری نـاڕەوای خۆیان هەڵسـان دژی بەندە گوێڕایەڵـەکـانی خوا و ئەمانیش پیاوانە ، مەردانە و باڵـەوانـانە لـە بەر دەمیانـا ئـارامیـان گـرت ••

وا ئێستەش ڕۆژی قیامەتە .. ڕۆژی بێ دەسەڵاتی و بێ کەسیی و بێ سامانیە .. ئەمڕۆ ڕۆژێکە ، پێغەمبەران و فریشتەکان پێویستە ماوە بخوازن بۆ ئەوەی قسە بکەن .

ڕۆژی سەخت و ناهەموار هاتۆتە پێشەوە و هەرچی دروستکراوی خوا هەیە ، دەستە پاچە دا ئەکەوێت ..

کوان ستەمکاران ؟
کوان دەستڕۆیشتووان ؟
کوان جەللادەکان ؟

کوان خوێنمژەکان کە ئادەمیزادی هەزاریان کردبووە نێچیری خۆیان ؟
کوا کۆمەڵی شەیتان کە بەرامبەر بە موسڵمانەکان درێغیی نەئەکرد ؟

هەموویان ئامادەن ، بەڵام دەستەپاچە و بێدەستەڵات، ماڵ کاول و سەرگەردان ..
ئەی کوا کۆمەڵی چاکویستی خواناس ؟
هەموویان ئامادەن .. بەڵام بە سەری بەرز و

رووسەتی گەشاوە و دڵی شادمانەوە ..

ئەمڕۆ نۆرەی کۆمەڵی خوانناسە پاداشتی خۆی وەرگرتەوە ..

تاوانکاران بە تەمای ئەم رۆژە ناھەموارە نەبوون ، کەچی وا قلب بوونەتەوە ناوی و یەخەی پێ گرتوون ..

ئیجا دوای شادبوونی خوانناسان بە زیانی بەھەشت و خوانەناسان و بێ باوەڕانیش بۆ دۆزەخ نێرران ، ھەر کۆمەڵێکیان شوێنی ئەوی تریان ئەبینێ ..

موسڵمانان لە خۆشیی و رابواردنی دڵڕفێنی بەھەشتا و بەینا و بەین بە دیداری پەروەردگار شاد ئەبنەوە . کافرانیش لەگەڵ ئەوەدا کە لە بینینی خوا بێبەش و نائومێد ئەبن و ئێش و ئازاری ئەم نەبینینە ئەچێژن ، لەو لاوە لە خۆشیی و شادمانیی و رابواردنی بەھەشت بێبەش ئەبن و بە سزای سەختی دۆزەخیش ئەگەن ..

موسڵمانەکان لە شوێنی رازاوە و دڵ رفێنی خۆیانەوە بە سەر چارپای بەهەشتەوە بە خۆشیی و کامەرانییەوە خەریکی رابواردنن ، و سەیری ئازار و سزای دوزمنە خوانەناسەکانیان ئەکەن ، ئەوانەی کە لە جیهاندا درێغیان نەئەکرد و هەمە جۆر رێگایان ئەگرتە بەر بۆ دڵسارد کردنەوەیان .. سەیریان ئەکەن بە دەست چەپەدووکەڵ و گرمە و ناڵە و ئازاری سەخت و بڵێسەی ئاگری گڕ بە گڕی دۆزەخەوە گیریان خواردووە :

« **فاليوم الذين امنوا من الكفار يضحكون . على الأرائك ينظـــرون** » .

ئا لەم رۆژەدا و لەم هەڵوێستەدا موسڵمانەکان پڕ بە دڵ بە کافرە ستەمکارەکان پێ ئەکەنەوە .. تۆڵەی خۆیان بکەنەوە... بەوبەڕی خۆشیی و کامەرانییەوە ، باڵیان لێ داوەتەوە ..

رابواردن و پێکەنینی کافران بە موسڵمانەکان لە سەر زەویدا ، بۆ ماوەیەکی کەم بوو ، بەڵام رابواردن

و پێکەنینی موسڵمانەکان بە کافران لە قیامەتا هەمیشە و بەردەوامە .. کافران بە ناڕەوا دژی موسڵمانەکان ئەوەستان و پێیان پێ ئەکەنین .. بەڵام موسڵمانەکان زۆر جێی خۆیەتی ئاوا خوای خاوەن دەسەڵات ماوەیان ئەدا تا تۆڵەی خۆیان لە کافران بکەنەوە ..

وە کافران چەندێ دەستیان ڕۆیشتبێ ، سەرەنجامی هەردوو جیهانیان ڕووڕەشیی و سەر شۆڕیی بووە ، بەڵام موسڵمانەکان خۆشیی و ڕابواردنەکەی بەهەشتیان هەمیشەیە و ، لە ژیانی هەردوو جیهانیاندا ، هەر چۆن بووبێ ، هەر سەربەرز و ڕووسوور بوون .

ئەمەیە پاداشتی کۆمەڵی گزیکار و بێویژدان :

« هل ثوب الكفار ما كانوا يفعلون ؟ » ..

لە کۆتاییدا قورئانی پیرۆز بە گاڵتەیەکی جەرگ بڕەوە پرسیار ئەکا : ئایا کافران لە سەر ئەو کردەوانەی کە پێیان هەڵئەستان ، پاداشتیان وەرگرت ؟!

پاداشت !!
ئەوبەڕی گاڵتەپێ کردنە ..
چۆن پاداشتێك ؟!

ئەو پاداشتەی کە سزای سەختی دۆزەخ بێت ! مەگەر خوای گەورە خۆی بزانێ ئەو سزایە چەند سەختە ، چونکە ئەوەی بۆ ئێمە باس ئەکرێ لێی ، بە پێی بیر و هەستی ئێمەیە .. وە تا رۆژی خۆی نەیەت نە بەهەشت و نە دۆزەخ کەس نازانێ خۆشیی و ناخۆشییان چۆنە و چەندە !

خوای گەورە ویستی دڵخۆشیی کۆمەڵە کەم دەسەڵاتەکەی مەککە بداتەوە ، چونکە سزا و ئازاری بتپەرستەکان[1] زۆر بەتین بوو ، کوڕی ئەوبست لە بەر

---

(١) نەفامان وای لێك ئەدەنەوە لەم چەرخەدا بتپەرستیی نەماوە ، نازانن جگە لە موسڵمانە شوێنکەوتووەکانی قورئانی پیرۆز ، هەموو کەسێ لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە دەست بۆ چەندەها بت پان ئەکاتەوە و بە گوێی چەندەها بت ئەکات و مل بۆ چەندەها بت کەچ ئەکات !

شالاویا خۆی بگرێت •• خوایش خاوەنی بەزەییە و چاوی لە کۆمەڵە کەمە دڵسۆزەکەی کلا ناکات ، چونکە ئەو کۆمەڵە کەمە تۆوی چاکەیە لە هەموو سەرزەویدا ••

کە موسڵمانان سەرنجی قورئانی پیرۆز ئەدەن وا بەم شێوەیە باسی ئێش و ئازارەکانیان ئەکات ، دڵیان فێنك ئەبێتەوە •• چونکە پەروەردگاری بەدەسەڵاتیان باسی تەنگاویی ئێش و ئازارەکانیانی کردووە ، وە خۆی چاك ئاگادارە و چاوی لێیانەوە ، جا ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریی کراو ماوەی کافران بدا ، ئەوە ناکەیەنێ دەستبەرداری موسڵمانەکان بووە • جا هەستکردنی موسڵمانەکان بەم خۆشەویستیی و چاودێرییە خواییە ، بەسە بۆ ساڕێژکردنی زامەکانی دڵیان و دامەزراندنی •• خوای گەورە چاوی لە کاڵتە و توانجی ناوانکارانە ، کە چۆن ئازاری ئیماندارەکان ئەدەن ، وە چۆن پێیان را ئەبوێرن •• لەگەڵ ئەوەشا شەرمێ نابانگرێ و لە سەر کردەوەی منالانەیان پەشیمان نابنەوە •• خوای گەورە ئەمە هەموو ئەبینێ و لە بەڕاوە بێگەردەکەیا باسی

ئەکا .. کەواتە ، پێویستە لە قوڵایی دڵی هەموو موسڵمانێکدا جێگیر بێ : ئەم ڕەفتە سووکانەی تاوانکاران لە ترازووی خوادا شتێکی زۆر گەورەیە و هەرگیز چاوپۆشی لێ ناکا و بە سەریا ناچێ .. دیارە ئەمە بە لای دڵی ئیمانداراەوە زۆرە ئەگەر بێت و سەرنج بگرێت . هەرچەندە تێش و ئازاری زۆر بێ و زامەکانی بە سۆ بن ..

جا کە خوای گەورە ـ جل جلالە ـ بەم شێوە پڕ سام و هەیبەتە گاڵتە ئەکات بە بیرو و هەست و هۆشی تاوانکارا و هەڕەشەی تیامەتیان لێ ئەکات ، لەوانەیە دڵی ڕەشی بە تاوان داپۆشراویان هەستی پێ ئەکات ..

بەڵام ئەمە گرنگ نیە ، چونکە ئەمە دڵنەواییە بۆ ئیمانداران کە بە هەمەت و دڵ و دەروونیرووونیان هەستی پێ ئەکەن و ئەزانن چەندە بەنرخە ؛ بۆیە ئەوبەڕی هێمنی و ئارامیان دەست ئەکەوێ ..

دڵە پڕ لە ئیمانەکان کە سەیری دڵی

رەش‌هەڵگەڕاوی دوژمنان ئەکەن بەرامبەریان و کە
سەرنجی ڕێز و نرخی خۆیان ئەدەن بە لای خواوە، کە
چۆن خۆشیی و حەسانەوەی بەهەشت و ڕێز و پایە بەرزیی
جیهانی بەرز و بالاّ (الملأ الأعلى) ی پێ بەخشیون، وە کە
سەرنجی سووکیی و بێ نرخیی دوژمنان ئەدەن بە لایەوە
کە چۆن سزای سەختی دۆزەخی بۆ ئامادە کردوون، ئیتر
با سووکیی و ریسواییان لە جیهانی بەرز و بالاّدا
بووەستێ .. کاتێ هەست بەمە ئەکەن ئە هەڵویستی
هێز و ئیمانەوە ڕاستەوخۆ تامی بەری شیرینی ئیمانەکەیان
ئەکەن و بە جوانیی سەرەنجامی خۆیشیان و دوژمنانیشیان
دێتە بەر چاو .. بەمە بە جارێ کاری سزاو ئازار و
گاڵتە و توانج و تەشەری تاوانکاران و کەمیی و کەم
هێزیی خۆیان لە سەر دڵ و مێشکیان ئەشۆرێتەوە . هەتا
جاری وا ئەبێ هەندێ دڵ، کە جوانتر بەستراون بە
خواوە، ئەو تاڵیی و سوێریەی کە پێیان ئەچێژرێت
ئەبێتە مایەی خۆشیی و شادمانیی کاتێ بە ورديی و بە
جوانیی سەرنجی بەڵێنەکانی پەروەردگار ئەگرن ..

ئەمە بە جوانیی دەری ئەخا کەوا تاکە دلخۆشکەر و بەڵێن بۆ موسلمانە چەوساوە بێدەسەڵاتەکان ـ لە هەموو کات و شوێنێکدا ـ بەرامبەر بە رەفتاری منالآنە و سزا و ئازاری ناڕەوا و گاڵتە و توانجی بێ جێی تاوانکاران ئەم بڕیارە خوایەیە کە بریتییە لە : بەهەشت بۆ ئیمانداران و دۆزەخ بۆ کافران ••

ئەوە بوو پێغەمبەری خۆشەویستیش ـ صلی الله علیه وسلم ـ لە هەموو هەڵویستێکدا تەنها ئەم بەڵێنەی ئەدا بە ئیمانداران ••

بۆ نموونە : کاتێ کە پێغەمبەری خۆشەویست ـ صلی الله علیه وسلم ـ دای بە لای خێزانی یاسردا ـ خوا لێیان رازیی بێت ـ فەرمانی پێ دان بە بەرگەگرتن و بەرامبەر بەمە مژدەی بەهەشتی دانێ ••

وە کاتێ موسلمانەکانی مەدینە پەیمانی عەقەبەی دووەمیان لەگەڵ پێغەمبەردا ـ صلی الله علیه وسلم ـ ئەبەست •• پرسیاریان لێ کرد ئەگەر ئەوان سەروماڵیان

بکەنە قوربانیی بۆ پارێزگاریی خۆی و ئاینەکەی ، لە ئەنجاما چیان بۆ ئەبێت ؟

فەرمووی : بەهەشت ! ئەوانیش بەوبەڕی خۆشیەوە دەستیان دا بە دەستیەوە و بەیمانی کۆڵنەدان و واز نەهێنانیان ..

جا با هەموو موسڵمانێك ئاگای لەمە بێت ، کەوا هەوڵ و کۆششی موسڵمان بۆ سەرکەوتنی دنیایی نیە ، بەلکو بەهەشت تاکە ئاواتی موسڵمانی ئیشکەرە !

بەڵام سەرکەوتنی کۆمەڵی موسڵمان لەم جیهانەدا و پشت شکاندنی کافرە دوژمنەکان بە هیچ شێوەیەك قورئانی مەککە باسی نەئەکرد لە شێوەی دڵدانەوەی موسڵمانەکانا !

بەڵێ ئازیزەکانم ، قورئانی پیرۆز بەیتا بەیتا ئەهاتە خوارەوە تا دڵی موسڵمانەکان پڕ بکا لە ئیمان و بەو ئیمانە خوایە پەروەردەیان بکا ، تا بتوانن

ئـەرکی سەرشانیان بەن بـە رێوە ، جـا زۆر پێویسـت بوو ئەم دڵانـە بە جوانیی پەروەردە بکرێن ؛ بە شێوەیەك هێـز و پێـزێ وەرگرن تـا رەشەبـای نەفـامیی نەتوانێ ملیـــان پێ کەچ بکـا ، وە خۆیـان و بەرژەوەندیەکـانیان وەها لـە بیر بچێتـەوە ، لـە کـاتی هەوڵ و کۆشش و بـەخشـیندا و لـە کـاتی چەرمەسەرێ و ئـازار و سزای نـاڕەوادا بـە هیچ شـێوەیەك بیر لـە دەسەڵات و رابواردنی سـەر زەویی نەکەنەوە و جگە لـە ژیانی بەهەشت چاوەڕوانی هیچی تـر نـەبن .. پێویستە دڵی ئیماندارەکـان وەها پەروەردە بکرێ تـا ئـەگەر هات و ژیانی سەر زەوییان هەمووی تاقیکردنەوە و چەرمەسەرێ و سـزای بیرلێنـەکراوە و بێبەشیی و قوربانیدان و بەرگـەگرتن بـوو ، بتوانـن بـە ئـارامـەوە بیبڕن ؛ بێ ئـەوەی بە تەمای پاداشتی سەرزەویی بن ، ئەگەر چی ئەو پاداشتەش پەرەسەندنی بانـگـەوازی ئیســـــلام و سەرکەوتنی کۆمەڵی موسڵمان بێت ..

جـا کـاتێ خوا کردی و ئـەم کۆمەڵـە موسـڵمانـە وەهـا پـەروەردە کرا ، کەوا تێ بگـا ژیانی ئـەم جیهانـە

بریتیــە لــە بەخشین و قوربــانیدان بۆ ئەوەی بە تــەمای
هیچێ لــەم ژیانــە بێ ، وە تــەنها بــە تــەمــای پــاداشــتی
ڕۆژی دوایی بوو ، وە ســەرەنجامی زۆرانبــازیی ڕەوا و
ناڕەوای لەوێ چاوەڕێ کرد ، وە چاکیی و پــاکیی دڵــی
موســڵمانــەکــان بــە ڕاستیی دەرکــەوت و ئــەو بــەیمان
و بەڵێنــەی کە بە خوای دابوو بردیــە سەر ، خوای گەورە
سەرکەوتنی ئــەم جیهانــەیان پێشکەش ئــەکات و کاروباری
سەرزەویی ئــەخاتــە دەستیانەوە ، ئەمەش نــەك لــە بــەر
خــاتری موسڵمانێتی و ڕاستگۆیی و پــاوچاکــی کۆمــەڵی
موسڵمان ، بەڵــکو لــە بەر ئــەوەی ئــەم کۆمەڵــە موسڵمانە
جێی متمانەی پەروەردگــار. و بۆ ئــەوە ئەشێ هەڵسوڕاندنی
کــاروباری ئــادەمیزادەکــان بداتە دەستی ، تــا بە فــەرمانی
خــوا هەڵیسووڕێنێ و لــە ســایەی قورئــانــا یان حەستێنەوە

بەڵــێ هەر کۆمەڵــێ بەرژەوەندیی ئەم جیهانەی خستە
پشت گوێ و بــە پێی فەرمانی خوای گــەورە کەوتــە ڕێ و
ئــارامی گرت تــا ئەو کــاتــەی کە خوای گەورە دیاریــی

کردووە بۆ سەرخستنی کۆمەڵی موسڵمان ، هەر ئەبێت ئەو کۆمەڵە سەرکەوێ تاڵانادەمیزادەکان نامی ژیانی سایەی قورئان بکەن .

لە کۆتاییدا وای بە جوان ئەزانم هەر یەکەمان بیری نە دڵ و دەروونی خۆی بکاتەوە و لەگەڵ پەروەردگاریا پەیمان تازە بکاتەوە و بڵێ :

خوایە یارمەتیت ..
خوایە کۆمەکیت ..

خوایە ئارام و بەرگەگرتمان پێ بەخشیت تا بەو شێوەیە بیر لە ئیسلام بکەینەوە و هەوڵی بۆ بدەین کە لە قورئانە پیرۆزەکەتا بڕیارت داوە وموسڵمانە پێشینەکان لە سەری ڕۆیشتوون ..

خوایە یارمەتیت .. تا هەست و هێزمان کۆ بکەینەوە و بڕیاری شوێنکەوتنی ڕێبازەکەت بدەین تا کۆتایی ژیانمان ، بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامی زۆرانبازیی

ئـەم جیهـانـە ، وە تـاکـە ئـاواتماز ڕەزامـەندیی تـۆ و سەربەرزیی قیامەتمان بێت ..

سبحان ربك رب العزة عما يصفون . وسلام على المرسـلين . والحمد لله رب العالمين ...